## چوار چرا كوژایەوە... ! بلّند نەورەس رەشید

پێكهاتەی دەوڵەت و حكومەت لە دنیادا خۆی لە دامودەزگا فەرمی و نا فەرمیەكاندا دەبینێتەوە، بە واتایەكی تر دەزگا حكومی و ناحكومیەكان كە هەریەك بە پێی پێویستی و پسپۆری خۆی ئەركی خۆی بە ئەنجام ئەگەیەنێت و خزمەتی كۆمەڵگاش لە ئەستۆ دەگرێت.
وڵاتە دیموكراتی و پێشكەوتوخوازەكان سیستەمی بە دامەزراوەكردنی فەرمانگەو دامودەزگاكانی حكومەت پەیرەو دەكەن، كە سیستەمێكی سەركەوتووی ئەمرۆی ژیانی مەدەنی و شارستانی یە، وە ئەركی ئەم دامەزراوانە مامەڵەكردنێكی تەندروستە لەگەڵ دەوروبەردا بی دەست خستنە ناو كاری دەزگایەكی تر. بەوەشەوە نەوەستاون بەڵكو كەڵكێكی زۆریان لە دامەزراوە ئەهلیەكان وەرگرتووە بۆ ئێستا بۆتە گرنگیەكی سەردەم كە بایەخێكی زۆری لی دەبینن و بۆتە پێوەرێك بۆ گەشەكردنی كۆمەڵگا. بێگومان لە پشت ئەم گەشەكردن و چالاكیەوە پاڵپشتێك هەیە كە بەردەوام هاوكاری و هاندانی ئەرێنی ئەبەخشێتە ئەم دامەزراوانە چ مادی بێت یان مەعنەوی. ئەو پاڵپشتەش حكومەتە...
لە كوردستاندا پاش راپەرین و وردتر پاش روخانی رژێمی بەعس، حكومەتی هەرێمی كوردستان بە جدی كاری بۆ بە دامەزراوەكردنی دام و دەزگا حكومی و نا حكومیەكان كردووە، كە دواجار چەند دامەزراوەو دەزگای سەربەخۆی لێبەرهەم هاتوە جا بە پاڵپشتی حكومەت بێت یان بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەو فەزایە تا رادەیەك خولقاوە.
یەكێك لەو دامەزراوانە یان كۆمپانیانەی كە هیچی لە دامەزراوەیەك كەمتر نییە كۆمپانیای چوار چرایە، كە لە تەمەنێكی كورتی كاركردنی خۆیدا خزمەتێكی زۆری هونەری كوردیو هونەرمەندانی كوردستانی كردووە، ببوە سایەیەك كە گشت هونەرمەندانی لە ژێر خۆیدا كۆكردبۆیەوەو لە پەرەوازەیی و دوو دڵی خستبوون، ئەویش بە دانانی شێوەیەكی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە هونەریەكان بە (نسخەی ئەسڵی) ، و بڵاوكردنەوەی بەرهەمە هونەریەكان و لە ئەستۆ گرتنی لە لایەن چوار چراوە، كە ئەمەش بۆ خۆی جۆرە تازەگەریەك بوو لە چۆنیەتی تۆماركردنی بەرهەمە هونەریەكان و بڵاوكردنەوەیان بە هەموو شارەكانی كوردستاندا، كە رەنگە بۆ هونەرمەندان خەونێك بوبێت و هاتبێتە دی.
بەڵام هاندان و هاوكاری و پشت نەگرتن و بە دەنگەوەنەهاتنی حكومەت و دەزگا پەیوەندیدارەكان ئەو ئەنجامەی لێكەوتەوە كە بەرێوەبەری كۆمپانیای چوار چرا بریاری راگرتنی كارەكانی كۆمپانیای ناوبراو بدات، بە هۆی نەپاراستنی مافی بەرهەمەكانی كۆمپانیاوە كە ئەمەش بۆخۆی مافێكی چوار چرایەو، ئەركی حكومەتیشە كە پارێزگاری لە مافیان بكات.
من نامەوێت باس لە لایەنی یاسایی بكەم بەو پێیەی كە رەنگە كاری من نەبێت، بەڵام جێگای خۆیەتی باس لەو مەودا فراوانە بكەین كە چوار چرا خولقاندی بۆ هونەرمەندان و هونەری كوردی كە رەنگە هونەرمەندەكان لە دەست پێكردنی كارێكی تازەیاندا درك بەم راستیە بكەن. كە هەندێكیان ئێستا دركیان پێكردووە... !
ئەم دامەزراوەیەو هاوشێوەكانی سیمایەكی جوانی كۆمەڵگای كوردی بەرجەستەدەكەن و پاڵنەرێكی شارستانین كە بونیان پێویستە بۆ بە مەدەنی كردنی كۆمەڵگای كوردی.

خۆزگە حکومەت پیاچونەوەیەکی بە کاری ئەم کۆمپانیایەدا دەکردەو سەرلەنوی دەستی ئەگرتنەوەو هاوکاری ئەکردن، کە دواجار لە بەرژەوەندی حکومەت و مۆسیقاو گۆرانی کوردی تەواو دەبێت.